



# مەلایێ مە لە جزیرەوە بەرەو ئەوسەری دنیا

دیدار مەسیفی
(کەنەدا)

(١- ٢)

**گولێ باغێ ئرەمێ بوهتانم    شەبچراغێ شەبێ کوردستانم**

## دەستپێک

شاعیرانی کلاسیکی کورد سەرباری بەرهەم و ئاکاری بەرزیان، لەچاو شاعیرانی سەر بە نەتەوەکانی هاوسێ و دوور، ناوبانگ و دەرکەوتن، یار و یاوەریان نەبووە. بۆ ئەوەش گەلێک هۆکار هەن و ئەگەر یەکێکیان بە نموونە بنووسرێت، دەزانرێت کە ئەوان پتر گەدا و گەڕیدەی نێو سروشت و خەڵکی بوونە، زیاتر لەوەی لەنێو کۆشکی پاشایان ڕۆنیشتبن و بە شیعری پێداهەڵگوتن ژیابن.

لەلایەکی دیکەشەوە لەو سەردەمەی ئەوانی تێدا ژیاون، زمانی شیرینی کوردی کوتک نەبووە بۆ سەپاندنی قەڵەمڕەوی و بە چاک و خراپیش وشەیەکی لە کۆشک و دادگە و ژووری کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتان بە کار نەهاتووە، بۆیە ئەمڕۆکە مرۆ هەتا شیعری کوردی بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانێکی بیانی دوور لە زمانی نەتەوەکانی هاوسێ نەخوێنێتەوە، نازانێت دێڕە شیعرییەکان چەندە ئاستێکی هونەری و ئیستێتیکی و فەلسەفی بەرز و پڕ مانایان هەیە.

خوێندنەوەی شیعری کلاسێکی کوردی لەلایەن خوێنەری بیانییەوە، تێڕامانی زیرەکانەی گەرەکە، بە تایبەت لەو کاتەی کە خوێنەر پێشتر بواری ئەوەی بۆ نەڕەخسابێت کە بە شیعری کوردی ئاشنا بووبێت، یان لەگەڵ خوێندنەوەدا لە نزیکەوە چێژی لە جوانی و دیمەنی کەوانە و لەشولاری تیپ و وشە کوردییەکان بینیبێت. لەوانەیە خوێنەر بپرسێت و ڕۆشنایی بخاتە سەر جۆرێک لە بە لاڕێدا بردن کە شیمانەی هەیە لە بەرانبەر ئەدەبی گەلانی پەراوێزخراودا ڕووی دابێت، بۆیە دوای خوێندنەوەی کتێبی (بادەمان بە دەستی ئەو نۆشی/ We Drank the Wine from

His Hand) کە لەلایەن (فەرهاد شاکەلی)یەوە بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی گەلێک پوخت و ورد و زانستییانە نووسراوە، ئەم خوێنەرە بەو دەرئەنجامە دەگات کە شاعیرێکی وەک مەلایێ جزیری هیچی لە شاعیرگەلی وەک حافیز و نیزامی و موتەنەبی کەمتر نییە کە ناوودەنگیان سەردەمانێکی زووتر زەریاکانی بڕیوە و لەسەر خاکە دوورەکان شیعرەکانیان خوێنراونەتەوە.

مخابن هەر بە هۆکاری بابەت و ژمارە و ستایلی شیعرەکانەوە نییە کە وەها دەکات شاعیرێک لە یەکێکی دیکە پتر بناسرێت و بخوێنرێتەوە، بەڵکە نهێنی بەرکەوتنی نێوان خوێنەر و شاعیر گەلێک جار وەک شتێکی نادیار و نەزانراو و پەنهان دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بای بانگەشە و دەستتێوەردانی مێژوویی و سیاسی نەبێت کە وەها دەکات ناوی شاعیرێک بگاتە کەشکەڵان و هیی یەکێکی دیکەیش لە نێو قوڕی خەستدا بمێنێتەوە، دیارە ڕۆڵی نووسین و خوێندنەوە بە زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی، هۆکارێکی سەرەکیی دیکەیە بۆ دەرکەوتن و ناوبانگ. ئەمڕۆکە پتر لە گشت سەردەمێک زمانی ئینگلیزی بووە بە دیاردە و دارعەسا و ئامرازی دەنگدانەوەیەکی ئەفسووناوی کە چەندە بۆ کەسێکی بەهرەمەند و داهێنەر سوودی هەیە، لە بەرانبەردا بە هەزاران کەسی بێبەهرە و نابەڵەدیشی ناودار و پایەدار کردووە.

## کتێبی (بادەمان بە دەستی ئەو نۆشی)

قەوارەیەکی جوان و سەنگینی هەیە و دەشێت خوێنەر بە شانازییەوە لە دەر و باخچە و بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بە دەستەوەی بگرێت و شانازی بە بەرگە جوان و تایتڵە مانادارەکەی بکات. بەرگی کتێبەکە ڕەنگی سپییە و بە پەڕەیەکی ساف و لووسی کواڵێتی بەرز دروستکراوە و بە هونەرێکی هونەرمەندی کورد هادی زیائەددین ڕازاوەتەوە، هەروەها کتێبەکە ناوونیشانێکی مانـاداری هەیە کە بە فۆنتێکی ناسک و ئارام بۆ چاو نووسراوە. ئەم کتێبە وەک بڵاوکراوەیەکی زنجیرەی لێکۆڵینەوەی زمانانی ئێرانی لە زانکۆی (ئۆپسالا)ی سوێد لە ساڵی ٢٠٢٤ چاپ کراوە و لاپەڕەکانیشی چەشنی بەرگەکەی ڕەنگیان سپییە و دەڵێیت زادەی دڵ و دەروون و مەندیلەکەی (مەلایێ جزیری)ن و زۆر بلەز ئارامی دەخەنە نێو دڵی خوێنەر.

لێرەدا خوێنەر دەشێت کورتەیەک لە ناواخنی کتێبەکە بەم سەرەبابەتانەی خوارەوە بخاتە ڕوو، بەڵام هەر خوێنەرێک تا کتێبەکە بە تەواوی نەخوێنێتەوە و ژمارە زۆرەکەی لاپەڕەکانی بیبلۆگرافیاکەی نەبینێت، بەو هەوڵ و ماندووبوونەی فەرهاد شاکەلی نازانێت کە چەندە بۆ نووسینی کتێبەکەی کۆششی کردووە.

**پێشەکیی کتێبەکە**

**فاعلەک لازمە دا فیعل و ئەسەر پەیدا بت**

**گەر تو حەدداد نەبت کوورەیێ حەدداد چ کت؟**

فەرهاد شاکەلی لە پێشەکییەکی کورتدا لە ئەزموونی خۆی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی شیعر دەدوێت. لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە دەستی داوەتە شیعر نووسین، بەڵام هەتا درەنگانێکی تەمەنی، شاعیرێکی مەزنی وەک مەلایێ جزیری نەناسیوە، تا ئەو کاتەی لە کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ دەگاتە وڵاتی سوێد و فەرهاد شاکەلی بۆ لای خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەگەڕێتەوە و بە وردی کار لەسەر شاعیرانی وەک نالی و مەحوی و ئەحمەدی خانی دەکات. شاکەلی لە ساڵی ١٩٨٣ ماستەرنامەکەی لە ژێر ناوی (بیری نەتەوەیی کورد لە مەم و زینی خانی دا

پێشکەش دەکات و دواتریش چاوی بەسەر دنیای شیعری مەلایێ جزیری دەکرێتەوە و جوداییەکی سەیر و بەرچاو لە نێوان شیعرەکانی وی لەگەڵ شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کورد دەبینێتەوە. لێرەوە هەوێنی کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ورد و درێژخایەن لەسەر دنیای شیعری مەلایێ جزیری لە زەینیدا چەکەرە دەکات و دوای تێپەڕینی پتر لە دوو دەیە بەرهەمەکەی دەبێتە ئەم کتێبە شایان و جوانە بە زمانی ئینگلیزی.

شاکەلی لەم کتێبەیەدا بەو دەرئەنجامە دەگات کە کۆی شیعرەکانی مەلایێ جزیری بێجگە لە دوو شیعری پێداهەڵگوتن نەبێت کە بۆ میرێکی کوردی هۆنیونەتەوە، گشت شیعرەکانی دیکەی گەردوونین و سەر بە دنیای شیعری سۆفیگەرین، واتە کۆی شیعرەکانی مەلایێ جزیری لەگەڵ هزری یەکانەیی هەبوون (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی دێننەوە، ئەگەر هاوشان و واوەتریش نەبن.

## کورد لە سەدەی شازدەیەم و دواتر

فەرهاد شاکەلی لە بەشی یەکەم و دووەمی کتێبەکەیدا لە پاشخانی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردی دەکۆڵێتەوە و ئاکار و ژیانی مەلایێ جزیری دەخاتەڕوو. لەو سەردەمەدا کورد بەرداشێکی نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بووە و مێژووەکەی لە هەڵبەزین و دابەزینێکی سەیر و ناڕەوادا بووە. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دوو بەشەدا، خۆی لە بەرانبەر زریزەی پانۆرامایەکی مێژووییدا دەبینێتەوە کە سەرێکی لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم بە دەستی مەلا و زانا و دانایەکی وەک مەلا ئیدریسی بدلیسییەوەیە و سەرەکەی دیکەشی هەتا سەر گڵکۆی شاعیرێکی وەک حاجی قادری کۆیی لە سەدەی نۆزدەیەم و ڕۆشبیرێکی کورد و دوا هەڵکەوتووی بنەماڵەی ئەزیزان و بەدرخانییەکان لە سەدەی بیستەم، درێژ دەبێتەوە.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد بە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا، فەرهاد شاکەلی مەلا ئیدریسی بدلیسی بە شێوەیەکی دیکە و وەک نووسەر دەناسێنێت و دەنووسێت کە ئەو کاتەی مەلا ئیدریس لە دادگەی سوڵتان یەعقووبی ئاق قۆینلو لە ساڵی ١٥٠٤ کاری کردووە، کتێبکی بە ناوی (هەشت بەهەشت) نووسیوە، کەچی بەهۆی پشێوییەکانی دەڤەرەکەوە مەلا ئیدریس لە نووسین بەردەوام نەبووە و بەرەو ئیستەنبوڵ چووە. دواتر لەوێش نەماوەتەوە و بەرەو شاری مەککە چووە و ماوەیەکی درێژ لەوێ ژیاوە.

کاتێک سوڵتان سەلیم (١) جێگەی سوڵتان بایەزیدی (٢) باوکی دەگرێتەوە کە لەبەرانبەر هەژمونی سەفەوییەکان لە کوردستان گەلێک پاشەکشەی کردبوو و بەزیبوو، هەست دەکات پێویستی بە شیرەت و دانایی مەلایەکی وەک بدلیسی هەیە، بۆیە سوڵتان سەلیم پاش ئەوەی لەشکرێکی (١٤٠٠٠٠) کەسی ئامادە دەکات و لە شەڕدا (٤٠٠٠٠) قزلباش دەکوژێت، بە دوای مەلا ئیدریسی بدلیسی دەنێرێت و داوای لێ دەکات لە مەککە بگەڕێتەوە و لە بەرانبەر سەفەوییەکان دەستەک و هاوکاری پێشکەش دەوڵەتی عوسمانی بکات. بەو دیدەی ئەو لە هەموو کەس دەربارەی بارودۆخی دەڤەرەکە و میرنشینەکانی کورد و دەسەڵاتی قزلباشەکان شارەزاتر بوو. شاکەلی دەنووسێت کە نووسەرێکی دیاری وەک بەیرەقدار لە پەسنی مەلا ئیدریس-دا دەڵێت کە سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤بەسەر سەفەوییەکاندا، ئەگەر ئەندازیاری

یەکەم سوڵتان سەلیم/ ١ بووبێت، ئەوە دووەم ئەندازیار ئەو مەلا کوردە بووە. لە دوای ئەو سەرکەوتنەی دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان سەلیم/ ١ لاپەڕەی سپی بۆ مەلا ئیدریس دەنێرێت بۆ ئەوەی میرێک بۆ کوردستان هەڵبژێرێت و داواکارییەکانی کورد بنووسێت. دوای ئەوەی مەلا ئیدریس، میری حەڤدە میرنیشین کۆدەکاتەوە کە حەفتیان گەورە و دەسەڵاتدار بوون، کەچی بە هۆی دووبەرەکیی نێوان میرنشینەکان، مەلا لەو هەوڵەی سەرکەوتوو نابێت و کوردستان لە خاڵی وەرگەڕانێکی مێژووییدا کە بە شەڕی چاڵدێران ناسراوە، هەر بە پارچەیی و لەتکراوی دەمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی بەیرەقدار، گەلێک لە نووسەرانی کورد سەرکۆنەی ڕۆڵی مەلا ئیدریسی بدلیسی دەکەن و دەڵێن کوردستانی لەسەر خوانچەیەکی زێڕین پێشکەش بە دەوڵەتی عوسمانی کردووە.

شاکەلی لە کتێبەکەیدا باسی جیاوازیی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دەکات، وەک دوو هێز و هەژموونی کاریگەر لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد، هەروەک دەنووسێت شاکانی سەفەوی وەک سوڵتانەکانی عوسمانی ڕەگی خێڵەکییان نەبووە و ئەوان لە بنەچەدا سەر بە خێزانێکی سۆفیگەری بوون لە شێخ سەفایەددین (١٢٥٢-١٣٣٤) ـەوە هاتوون، کەچی دواتر بە هەمان شێوە چۆن لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا سوڵتانێکی دڕ و بێبەزەیی وەک سوڵتان سەلیم/ ١ دەسەڵات وەردەگرێت، لەنێو دەوڵەتی سەفەویشدا شا عەباسی سەفەوی لە دڕەندەییدا گەلێک واوەتر دەچێت.

هەروەها ڕووداوەکانی مێژوو بە شێوەیەکی زانستییانە شرۆڤە و وێنا دەکات و بە پێگەیەکی گرنگیان دەزانێت بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی فەرهەنگ و زمانی کوردی لەلایەک و دەرکەوتنی خۆرسکانەی مەلایێ جزیری لەلایەکی دیکەوە. کتێبەکە بە هەردوو بەشە مێژوویی و ئەدەبییەکەی، وردەکاریی هێندە پوخت و بەپێزی تێدا بەدی دەکرێت کە خوێنەر هەرگیز چاوی ناچێتە سەر ئەوەی یەک دوو هەڵەی چاپ بە هەند هەڵبگرێت و بە لەنگیی کتێبەکەیان بزانێت. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٣٠ لە پەرەگرافی دووەمدا ناوی میرێک بە کاک موحەمەد هاتووە، لەوانەیە خوێنەر بڵێت ئەستەمە ئەم وشەیە لە سەردەمی میرنشینەکانی کورد بە کار هاتبێت. لێ، ئەگەر بە وردی جارێکی دیکە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی بخوێنێتەوە و دەزانێت بنەچەی ئەم وشەیە چەندە لە مێژینە و کۆنە.

دیارە لە زمانەکانی جیهاندا زۆر جار وشە هەن لە سەردەمانێک دەمرن و ون دەبن و دواتر لە سەردەمی دیکەدا جارێکی دیکە دەژێنەوە و سەر دەردەهێننەوە. ئەم کردەیە لە زمانی ئینگلیزیدا گەلێک باو و بەردەوامە، بۆیە لەو کاتەی خوێنەر لە کتێبەکەی فەرهاد شاکەلی -دا چاوی دەکەوێتە سەر چەندان وشەی تازەی نێو دنیای سۆفیگەری و زمانی شیعری مەلایێ جزیری بە زمانی ئینگلیزی، دەزانێت کە ئەم کتێبە هەر تەنێ خزمەتی بە زمان و فەرهەنگی کوردی نەکردووە ، بەڵکە بۆ زمان و فەرهەنگی ئینگلیزیش بە سوودە. لەوانەیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا لە بەرانبەر زاراوەیەکی سیاسی وەک Principality کە بۆ میرنشین بەکارهاتووە، خۆزگە بە بینینی وشەی Princedom بیات. بەو دیدەی وشەی Principality هەمان ئاوازی Municipality هەیە کە لە سەردەمی نوێدا بۆ شارەوانی بە کار دەبرێت و لە چاو هەردوو وشەی

Princedom و Kingdom گچکەییەکی پێوە دیارە، بەڵام دیارە بە هۆکاری شانازیکردنی لەمێژینەی ئینگلیز بەو شانشینەی خۆری لێ ئاوا نەدەبوو، بۆیان ئاسان نەبووە کە وشەیەکی وەک Princedom بکەن بە زاراوەیەکی سیاسی، تەنانەت بۆ میرنشینێکی ئەم سەردەمەی وەک مۆناکۆیشی بەکاربهێنن.

هەروەها لە لاپەڕە ٢٨٣ ناوی کتێبی [منطق الطیر]ی فەریدەددین عەتار بە The Language of the Birds، واتە [زمانی باڵندان] وەرگێڕدراوە. دیارە وەرگێڕانی وشەی [منطق] بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کە ڕەگەکەی لە [نطق]ی زمانی عەرەبی هاتووە کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی گرتووە بریتییە لە The Conference of the Birds و هێندێک لێکۆڵەریش هەنووکە مکوڕن لەسەر ئەوەی کە ئەم ناوونیشانە The Canticle of the Birds نزیکترین و جوانترینیانە، کەچی فەرهاد شاکەلی لە کتێبەکەیدا [زمانی باڵندان] بە ڕاستترین وەرگێڕانی دەزانێت و بەرگری لێ دەکات.

## بنەماڵەی ئەزیزان و میرنشینی بۆتان

میرنشینی بۆتان (١٠٠٥-١٥٩٧) یەکێکە لە کۆنترین و بەدەسەڵاتترین میرنشینەکانی کورد کە ماوەی شەش سەدە و هێندەی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی حوکمی کردووە، بەڵام بەهۆی پەرتەوازەیی میرنشینەکانی کورد و خیانەت و دووبەرەکی و هەژموونی پڕ لە زەبروزەنگی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، میرنشینی بۆتان هەتا سەر نەیتوانیوە قەڵەمڕەوی خۆی بەسەر تەواوی خاکی کورداندا بسەپێنێت و بۆ داهاتووش مشتێک لە خەروارێک بۆ نەتەوەکەی بمێنێتەوە.

کتێبەکە بە درێژی باس لە هەڵکەوتنی بنەماڵەی ئەزیزان دەکات کە لە هەبوون و دەرکەوتن و پێشڤەچوونی پێگەی کورد و فەرهەنگەکەی کاریگەریی ڕوون و بەرچاویان هەبووە. زانیارییە مێژووییەکان دەربارەی میرنشینی بۆتان لە سێ سەرچاوەی سەرەکیی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی و سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی و (مەم و زینی) خانی -دا هاتوون، بۆیە ئەستەمە خوێندنەوە و تێگەیشتنی وردی بۆ بکرێت، بەڵام کتێبەکەی شاکەلی بە دیدێکی زانستییانە، مێژووی ئەم میرنشینە و سەرهەڵدانی بنەماڵەی میرەکانی دەگێڕێتەوە و پێشانی دەدات کە لە دەرەوەی ئەم سێ سەرچاوە گرنگەی مێژوو، گەلێک سەرچاوەی دیکەیشی بە زمانە بیانییەکان بەسەر کردووەتەوە.

نەوەک ڕیزکردن و باسکردنی مێژوو بە شێوەیەکی پوخت هەرگیز ناکرێت تەنیا هەر لە سێ سەرچاوە وەرگیرابن، هەروەها لە زۆر شوێندا شاکەلی لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکانی مێژوو کردووە و بێلایەنانە هێندێک مێژووی چەوت و هەڵەی ڕاست کردووەتەوە. بۆ نموونە لە باسی شاری جزیرەدا کە بەر لە مێژوو لانکەی مرۆڤایەتی بووە و دواتریش بووەتە پایتەختی میرنشینی بۆتان.

بنەماڵەی ئەزیزان هەتا دوا ڕۆشنبیرانی کورد سووریا و جەلادەت و کامیران درێژ دەبێتەوە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگی گەلی کورددا هەبووە، بۆیە شاکەلی لە کتێبەکەیدا ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە (کە ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵە دیارەی کورد دەباتەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید). شاکەلی دەنووسێت کە بنەماڵەی خالیدی کوڕی وەلید هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە گشتیان لە نێو چوون و نەماون، هەروەها کتێبەکە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیشی لە خۆدا گرتووە و هەموو ئەو

بیرۆکانە ڕەت دەکاتەوە کە گوایە مەلایێ جزیری دوو تاکە شیعرەکەی ستایشکردنی بۆ سوڵتان و شا نووسیوە، نەوەک بۆ میرێکی کورد.

فەرهاد شاکەلی لە کتێبەکەیدا بۆ ساغکردنەوەی بابەتی میر شەرەف کە لەگەڵ (مەلای جزیری) دا پێوەندییەکی دۆستانە و کوردانەی هەبووە، لێکۆڵینەوەکانی مێژوونووس عەبدوڵڵا یاشین بۆ سەلماندنی ڕاستییەکە دەهێنێتەوە. ئەم نووسەرە دەڵێت لە مێژووی میرنشینی بۆتان، سێ میر شەرەف ناویان هاتووە، بەڵام بە هۆی شێواندنی گۆڕەکانی گۆڕستانی جزیرە لەلایەن داگیرکەران و نەزانان، ناو و ڕەگەز و ساڵی ژیان و مردنی میرەکان شێواون و دیارە گەلێکیان لەگەڵ نووسینی سەر زۆربەی کێلەکان یەک ناگرنەوە، بۆ نموونە لەسەر یەکێک لە گۆڕەکان دەردەکەوێت کە میر شەرەفێک لە جزیرە ژیاوە و پێوەندی بە شیعرەوە هەبووە، بەڵام ئەو میر شەرەف (٣) نییە کە مەلایێ جزیری شیعری پێداهەڵگوتنی بۆ نووسیوە و گۆڕەکەیشی لە گۆڕستانەکەی جزیرەدا نەدۆزراوەتەوە، هەروەها لە نێو گۆڕەکاندا گۆڕی میر عیمادەددین و مەلایێ جزیری هەن و هەردووکیان لە نزیکی یەکدی نێژراون.

دیارە هەر سێ میر شەرەف لە پاراستن و سەرخستنی میرنشینی بۆتان ڕۆڵی دیاریان گێڕاوە، بەڵام ناوی میر شەرەف/ ٢ پتر هاتووە بەوەی کە لەدوای داگیرکردنی جزیرە بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ وەک یاخییەک خۆی لە چیاکان شاردووەتەوە و دواتر لەشکری ڕێک خستووەتەوە و جزیرەی لە چنگی دوژمنانی کورد وەرگرتووەتەوە.

شاکەلی بۆ سەلماندنی بابەتی هەردوو شیعرەکەی مەلایێ جزیری کە پێداهەڵگوتنی نووسیون و یەکیان ناوی (خانی خانان)ـە و ئەوی تریشیان ناوی (شەهەنشاهی موعەززەم)ـە، لێکۆڵینەوەیەکی وردی مێژوویی نووسیوە. کتێبی نووسەرانی وەک شەرەفخانی بدلیسی و ئەولیا چەلەبی و ئەمین زەکی بەگ و مەلا ئەحمەدی زڤنگی و گەلێکی دیکەی وەک سەرچاوەی گرنگ بەکارهێناون و بە شێوەیەکی زانستی ئەو ڕاستییەی لێ دەرهێناون کە مەلایێ جزیری هەردوو شیعرەکەی پێداهەڵگوتنی بە ڕوحێکی کوردانە بۆ میری کوردی نووسیون.

## ڕێبازی نەقشبەندی و یەکانەیی هەبوون (وحدة الوجود)

**حال و موستەقبەل و مازی د خوەدا تێک یەکن**

**سوبح مەوجوودە ب عەینێ خوە د ئێڤارێ حودووس**

بەو دیدەی مەلایێ جزیری یەکێکە لە سۆفیگەر و شاعیرە مەزنەکانی کورد، شاکەلی بە وردی لەو ڕێبازە فەلسەفی و ئاییینیانەی کۆڵیوەتەوە کە کاریگەرییان لەسەر هزر و دنیابینیی مەلایێ جزیری هەبووە. دیارە ڕێبازی نەقشبەندی یەکێکە لەو ڕێبازە دیارانەی دنیای تەسەوف کە لەمێژە ڕەگی قووڵی لە کوردستان داکوتاوە و بڵاو بووەتەوە. شاکەلی لە کتێبەکەدا بە درێژی باسی مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات لە داهێنەرەکەیەوە خواجە موحەممەد بەهائەددین (١٣٠٨-١٣٨٩) هەتا گەلێک لە سۆفیگەر و شاعیرانی کوردی وەک مەلایێ جزیری و هیی تر.

یەکێک لە زانیارییە گرنگەکانی لەم کتێبەدا هاتووە، ناوی ڕێبەرێکی کوردی ئەم ڕێبازەیە بەناوی شێخ مەحموود کە بە شێخی ورمێ، یان حەزرەتی ئازیز ناسراوە. ئەم زاتە دیارەی ڕێبازی نەقشبەندی کوردی لەکاتی هێرشەکانی شا عەباسی سەفەوی، شاری ورمێی بە جێهێشتووە و ڕووی لە شاری دیاربەکر کردووە، ئیدی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەر دەستی وی

بـە کوردسـتانی بەشـی دەوڵەتـی عوسـمانیدا بڵاودەبێتـەوە و ڕەگـی پتـەوی دادەکوتێت. ڕۆڵـی شـێخی ورمـێ بـە کاریگـەری دەمێنێتـەوە هەتـا لـە سـاڵی ١٦٣٩ سـوڵتان مـورادی چـوارەم ترسـی لـێ دەنیشـێت و لـە سـێدارەی دەدات.

لـەو زانیارییـە نوێیانـەی نێـو کتێبەکـەی شـاکەلی خوێنـەر بـەو ڕاستییە دەگات کە ڕێبازی نەقشـبەندی و کاریگەرییەکـەی لەسـەر مەلایـێ جزیـری و شـێخانی سـەردەمی دوای وی، نزیکەی دوو سـەد سـاڵ لەوەی شـارەزوور و مەولانـا خالیـد کۆنتـرە. پێدەچێـت شـاری ورمـێ بـەر لـە ڕێبـازی نەقشـبەندیش موتەسـەوفی دیکـەی مەزنـی لـێ ژیابـن، ئەگەرنـا چۆن لـە پێشـەکی مەسـنەویدا مەولانا جەلالەددینـی ڕوومـی ئامـاژە بـە موتەسـەوفێک دەکات کـە ئەویش خەڵکـی ورمێیـە و لـە زارییـەوە دەنووسـێت: «بـە کـوردی ئێـوارەم بەسـەردا هـات و بـە عەرەبـی ڕۆژم کـردەوە». دیـارە وەک شـاکەلی لـە کتێبەکەیـدا دەریخسـتووە ئـەم ڕستەیە لەوێـوە بووەتـە بنێشـتە خۆشـەی سـەر زاری گەلێـک لـە موتەسـەوفەکان، بۆیـە لێکۆڵەرێکـی ئینگلیـزی وەک هیـرۆن ئاڵـن کـە دەربـارەی بابـا تاهیـری عوریانـی نووسـیوە و شیعرەکانی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی ئینگلیـزی، لـە پێشـەکییەکەیدا دەڵێت کـە بابا تاهیـر نەخوێنـدەوار بـووە، بـەڵام کـە لێـی دەپرسـن ئەو گۆڕانـە ڕوحییەی لـە کوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە، عوریـان لـە وەڵامـدا گوتوویەتـی: «بـە کـوردی ئێـوارەم بەسـەردا هـات و بـە عەرەبـی ڕۆژم کـردەوە».

زانـا نەقشـبەندییەکانی کـورد لـە نێوان دەسـەڵاتی هـەردوو دەوڵەتـی داگیرکەری سـەفەوی و عوسـمانی گەلێکیـان کـوژراون و دەربـەدەر و بێسەروشـوێن کـراون. یەکێـک لـە گرنگتریـن زاناکانی دوای شـێخی ورمـێ کـە دەکوژرێـت و بەرهـەم و کار و ئـاکاری بنبـڕ دەکرێـت و لـە نێـو دەچێـت مەولانـا سـەیید عەلـی کوردییـە.

لێـرەدا بـە هـۆی ئـەو زانیارییـە زۆر و نوێیانـەی لـە کتێبـە ناوازەکـەی فەرهـاد شـاکەلی-دا هاتـوون، خوێنـەر بـەو دەرەنجامـە دەگات کـە هـزری تەسـەوف لـە ناخـی (مەلایـێ جزیـری)دا گەلێـک خۆڕسـک و کوردانەیـە و تەنیـا بـە ڕێبـازی نەقشـبەندی و هـزری یەکانەیـی هەبوونـی ئیبـن عەرەبییـەوە پەیوەسـت نییـە، بـەڵام بـۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاستییەی کـە مەلایـێ جزیـری لـە سـەردەمێکی زووەوە بـە هـزری یەکانەیـی هەبوونـی (وحـدة الوجـود)ی ئیبیـن عەرەبـی ئاشـنا بـووە، شـاکەلی ڕووداوێکـی مێژوویـی بـە بەڵگـە دەهێنێتـەوە کە لە سیاحەتنامەی (ئەولیا چەلەبـی)دا بـاس کـراوە. ئەولیـا چەلەبـی چەنـدان جـار سـەردانی میرنشـینی بدلیسـی کـردووە و باسـی گەشـەی فەرهەنگـی و دانایـی میرەکـەی کـردووە. لـە یەکێـک لـە هێرشـەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی بۆ سـەر میرنشـینی بدلیس و داگیرکردنـی، کتێبخانەکـەی میر ئەبدال خـان تـاڵان کراوە و بـە چەنـدان بـاری وشـتر خەملێنـراوە. لـە نێـو کتێبەکانـی میـردا بێجگـە لـە کتێبەکانـی ئیبـن عەرەبـی، چەنـدان کتێبـی فارسـی و عەرەبـی و تورکیـش بینـراون، هەروەهـا میـر ئەبـدال خۆیشـی نووسـەر و شـاعیر بـووە و بـە گوتـەی ئەولیـا چەلەبـی نزیکـەی ١٠٥ وتـاری نووسـیون و لـە نێـو شـتە دزراوەکانـدا و بـە دەسـتی ئەنقەسـت ون کـراون.

لەو سـەردەمەدا لە میرنشـینی بدلیس گەلێک شـاعیر و زانـا هەبوونـە، لـێ لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا ناویـان ون کـراوە و نەهاتـووە. لـە سـاڵی ١٥٩٥ میرشـەرەفخانی بدلیسـی لـە دووری میرنشـینەکەی، کتێبـی شـەرەفنامەی بـە زمانـی فارسـی نووسـیوە و نـاوی چەنـد شـاعیرێکی فـارس و تورکـی وەک ڕومـی و یاقـووب بەگـی زەنگـی و شـوکری و لوتفـی هێنـاوە و بە هیـچ شـێوەیەک ئـاگاداری شـاعیرانی کـوردی پێشـین و

سەردەمەکەی خۆیشی نەبووە، ئەگەرنا چۆن ناوی زاتێکی وەک مەلایێ جزیری، یان فەقێ تەیرانی نەهێناوە؟ لێ بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی شەرەفنامە نووسراوە، مەلایێ جزیری تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵان بووە، کەچی لە دیوانەکەیدا بێجگە لە ناوی یەک دوو شاعیری فارس و تورک، ناوی پێنج شاعیری کوردی بۆ مێژوو تۆمار کردووە کە ئەمانەن: فەقێ تەیران، میر عیمادەددینی هەکاری، لاغەر، شێخ ڕەمەزان و مەلا داود فنکی.

ئەولیا چەلەبی لە ماوەی یازدە ساڵ گەڕانی بە نێو خاکی کوردستاندا، سەرسامیی خۆی بۆ گەشەی فەرهەنگی و خوێندنگەکانی میرنشینەکان دەربڕیوە، بۆ نموونە بێجگە لە میرنشینی بدلیس بە درێژی باسی هەردوو میرنشینی جزیرە و ئامێدی کردووە و لە پەسنی گەشەی فەرهەنگیی ئەم دووانەش نابێتەوە، دەنووسێت لە کتێبخانەی مەدرەسەی میر حاج لە ئامێدی نزیکەی ١٠٠٠٠ کتێب هەبووە و لەگەڵ چەندان فێرگە کە وانەکانی فەیلەسووفانی وەک ئەرستۆ و ئیبن ڕوشدیان تێدا خوێنراوە. ناوی شاعیرێکی کوردی هێناوە بە ناوی مەلا ڕەمەزانێ عەباسیان و دێڕە شیعرێکی بە نموونە دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی نووسینەکانی:

**ڕاییێ ل ئاسەف دکەن، وەلی و حەیرانی عیشق**

**دەرسی ئەرەستۆ ددەن سەرخۆش و سەکرانی عیشق**

فەرهاد شاکەلی لە لاپەڕەکانی (١٣٣ تا ١٣٧)ی کتێبەکەیدا هەموو شیعرەکەی مەلا ڕەمەزانی داناوە و تەرجەمەی ئینگلیزیشی کردووە.

هەروەها ئەولیا چەلەبی دەربارەی میرنشینی ئامێدی لەبارەی گەشەی زمانی کوردییەوە دەدوێت و دەنووسێت کە لەو سەردەمەدا ئامێدییەکان شانازیی زۆریان بە زمانی کوردییەوە کردووە و پێیان وەها بووە کە زمانی کوردی لە پاڵ هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا یەکێکە لە زمانەکانی بەهەشت.

دەربارەی میرنشینی جزیرەش ئەولیا چەلەبی دەنووسێت کە چەندان شاعیری کوردی تێدا هەڵکەوتووە و کەچی ئەویش ناوی مەلایێ جزیریی نەهێناوە، هەرچەندە لەلایەکی دیکەوە بە سەرسامییەوە باس لە دەوڵەمەندی و کۆنیی زمانی کوردی دەکات و زانیارییەکی سەرنجڕاکێش لە مێژوونووسێکی ئەرمەنی بەناوی مەقدەسی دەگێڕێتەوە کە پتر لە ئەفسانە دەچێت. لەو زانیارییەدا هاتووە کە زمانی کوردی لەلایەن کەسێکەوە داهێنراوە بە ناوی مەلەک کوردم کە یەکێک بووە لە نەوەکانی حەزرەتی نووح و لە شاری جوودی (میافارقینی ئێستا) نزیکەی شەش سەد ساڵ ژیاوە. مەقدەسی دەنووسێت کوردم لەو سەردەمەدا زمانێکی داهێناوە کە لە عیبری و عەرەبی و فارسی و دەری جودایە، هەروەها زمانەکە هێندە دەوڵەمەندە دوازدە لکی لێ دەبێتەوە.

## مەلایێ جزیری و ڕۆشناییەک دەربارەی ژیانی

مەلایێ جزیری وەک زۆرینەی سەرچاوەکان نووسیویانە لە ساڵی ١٥٧٠ ی زایینی، واتە هەزار ساڵی ڕێک دوای ساڵی لە دایکبوونی حەزرەتی موحەمەد (د.خ)، لە شاری جزیرە لەدایک بووە. هێندێک زانیاریی دەرەوەی کتێبەکەی شاکەلی ساڵی لە دایکبوونی مەلایێ جزیری بۆ زووتر دەگەڕێننەوە، بۆ نموونە شارەزای شیعری کلاسیکی کوردی عەبدولڕەحمان ئاداک ساڵی ١٥٦٧ دەنووسێت و لە سەرچاوەی دیکەشدا ژمارەی دیکە بۆ ساڵی دیکە نووسراون، هەروەها تەحسین دۆسکی لە پێشەکیی دیوانا مەلایێ جزیری ئەم ساڵە بە ڕاستتر دەزانێت و پشت بە ژمارەکاریی مەلا ئەحمەدی زڤنگی دەبەستێت کە بۆ پیتەکانی دێڕە شیعرێکی مەلایێ جزیری کردووە.